# چەند پەیڤێک لەسەر ئاڵای کوردستان و تێڕوانینەکانی فەلەکەدین کاکەیی ... کاوە ئەمین - سوید

کاک فەلەکەدین کاکەیی، لە ڕۆژنامەی هەولێرپۆست ژمارە (٦٨) دا، بابەتێکی حەساسی وروژاندووە دەربارەی ئاڵای کوردستان. فەلەکەدین کاکەیی ئەگەرچی زۆریش بە درەنگ کەوتووە بەڵام دیسانیش دەیەوێت هەرچۆنێک بێت خۆی لە قەفەزیی عێراقچێتی ڕزگار بکات و دوای ئەوەی لە گۆڤاری گوڵاندا وتارێکی بەناونیشانی (پەشێمانم، پەشێمانم، پەشێمان) بڵاوکردەوە و گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەو داوایانەی کورد دەیکات بە فیدرالیشەوە زۆر کەمترە لەو خوێنەی کورد ڕشتوویەتی. ئێستاش هاتووە باسی ئاڵای کوردستان دەکات، ئەو ئاڵایەیی کە لەلایەن هەموو پارتە کوردیی و دامودەستگا کوردستانییەکانەوە وەکو ئاڵای نەتەوەیی خۆیان دانیان پێدا ناوە و تەنانەت دامودەستگا نێونەتەوەیی و ڕاگەیاندنی جیهانیش زۆرجار کە باسی کورد دەکەن، ئەو ئاڵایەی ئێستا، وەکو سیمبوڵێکی ناسینەوەی کوردستان نیشان دەدەن. ئەوەی کاک فەلەکەدین پێی وایە لە داهاتوودا کوردستان دەبێت بە (٨-١٢) هەرێم، بۆمان ڕووناکاتەوە لەسەر چ ئەساسێک لە داهاتوودا، کوردستان دەبێتە ولایەتە یەکگرتووەکانی کوردستان.

ئاڵاش وەکو نیشانەکانی تری وەکو کولتوور، زمان، هەستکردن بە ئینتیما بوون بۆ وڵاتێک و زۆر شتی تر، نیشانەیەکە بۆ نەتەوەبوونی گەلێک، ئەگەر وڵاتێک بیەوێت ئاڵاکەی بگۆڕێت دەکرێت لە ریفراندۆمێک یانیش لەلایەن پەرلەمان و حوکوومەتی ئەو وڵاتەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و زۆریش ئاساییە بەڵام دەبێت لەسەر بنمایەک بکرێت نەک هەر کەسێک یان کەمینەیەکی ئەو وڵاتە هەستێت داوی گۆڕینی ئاڵا بکات. گۆڕینی ئاڵای کوردستان لەم کاتەدا کە کورد خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و باشووری کوردستان ئەگەر سەربەخۆش بێت ناتوانێت بڕیارێکی وا حەساس بدات، چونکە هەر حوکوومەتێک بێتە سەر کار لە باشوور تەنها نوێنەرایەتی ئەوانە دەکات کە لەو بەشەی کوردستان دەژین.

تا چەند ساڵ لەمەو پێش، پارتی کرێکارانی کوردستان ئەم ئاڵایەی ئێستای وەکو ئاڵای کوردستان نەدەپەژراند، تەنانەت مامۆستا عیسمەت شەریف وانلی لە نووسینێکدا دەڵێت:"ئاڵای ئەرنەکە، ئەو ئاڵایەیی کە لەهەر چوار لایەوە بە ڕەنگی سووری خوێنین و لە ناوەڕستیشەوە ئەستێرەیەکی سووری دەورەدرا بە بازنەیەکی سەوز و هەروەها زەرد نەخشێنراوە... هی سەرجەم نەتەوەی کوردە. نابێت ئەوەش وا لێکبدرێتەوە کە من ئەو کۆنە ئاڵایەی کە لە شۆڕشی ئاگری داخ و کۆماری مەهاباد بەرزکرایەوە، لە بیر دەکەم. نەخێر بە بەردەوامی وەک پارچەیەک لە مێژوومان سەری کڕنووشی بۆ نەوەی دەکەم... جگە لەوە ئاڵای کۆن (مەبەستی ئەم ئاڵایەی ئێستایە) لەسەر شێوەی ئاڵای شاکانی ئێران چێکرا بوو بە گۆڕینی شێری فارسی بە گۆی ڕۆژ". I بەڵام دوای ئەوەی (پ.ک.ک) ش ئەم ئاڵایەی ئێستای قبوڵ کرد، کێشەکە کەمتربووە. ئێستا کوردێکی دانیشتووی ئەستەنبوڵ تا دەگاتە هەموو کوردستان و بەغدا و ئەوروپا و کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت، بە کورتی زۆرینەی کورد ئەم ئاڵایە بە سیمبوڵی خۆیان دەزانن. بە پێچەوانەی مامۆستا وانلییەوە، هیچ گرفت نییە ئەگەر ئاڵای کورد نزیکایەتی لەگەڵ ئاڵای فارس و بەلوچ و ئەو نەتەوانەی کە زمانەکانیان سەر بەهەمان خێزانی زمانە و کولتووریان لەیەکەوە نزیکە، ئاڵاکەشیان لەیەکەوە نزیک بێت، هیچ عەیب و عارێکی تێدا نییە، ئەوەتا لە ئاڵای سوێد، نەرویج و دانمارک و فیلەندا، خاچێک هەیە، وەک دەزانرێت زمانەکانی نەرویجی، سوێدی و دانمارکی لەیەکەوە نزیکن و ڕۆژگارێک هەمویان لە ژێر فەرمان ڕەوایەتی سوێد دا بوون، ئێستا هەموو ئەو وڵاتانەی ناوبران، وڵاتی سەربەخۆن.

پاشان لەژێر ئاڵای کوردستاندا، ئەنفالی تورکومان و ئاشووریەکان نەکراوە تا ئەو ئاڵایە لەبەرچاویان ڕەش بێت، بە پێچەوانەوە لە ژێر ئاڵای عێراقدا نەک کورد بەڵکو هەموو نەتەوەکانی کوردستان

دووچاری ئەنفال کردن هاتن، بۆیە داواکردنی گۆڕینی ئاڵای عێراق و کوردستان لە یەک کاتدا، ناهەقییەکی گەورەیە، دەنا دەکرێت ئاڵای کوردستانیش وەکو هەر ئاڵایەکی تر گۆڕانی تێدا بکرێت، بەڵام ئەوە کاتێک دروستە کە کوردستان یەک دەوڵەت بێت، یانیش چەند دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت و پەرلەمانێکی هاوبەشیان هەبێت. ئەوەشی کە دەکرێت هەر هەرێمێک ئاڵایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، کارێک نییە خەتی سوور بێت، لە زۆر وڵاتی ئەوروپا ناوچە جیاجیاکان ئاڵای خۆیان و جلی تایبەت بە خۆشیان هەیە، بەڵام لەنەتەوەبوونی خۆیان نەکەوتوون، کاتێک تیپی فوتباڵی وڵاتەکەیان یارییەک دەکات، لایەنگرانی تیپەکە ئاڵای وڵاتەکەیان بەرز دەکەنەوە نەک هی ناوچەکانیان.

بەهەشتی مەلای گەورە، باوکی مامۆستا مەسعوود موحەمەد دەڵێت:" دەکرێت، (کەنگر، کنگر)، رۆژێک بکرێتە یەکێک لە سیمبوڵەکانی کورد، چونکە لە کاتی گرانییە گەورەکەدا، خەڵکێکی زۆری لە برسێتی رزگار کردووە". کاکەییەکان پێیان وایە کە ئادەم و حەوا (شانە و مەشیانە) لە بنە ڕێواسەوە دروست کراون" و ئێزیدییەکانیش تاوسێک سیمبوڵی دیینەکەیانە و زۆر سیمبوڵی تریش کە دەکرێت وەکو نیشانەی ناسیینەوە ڕێزیان لێبگیرێت لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە.

پاشان خۆ ئەگەر ئاڵای هەر وڵاتێک سیمبوڵی هەموانی پێوە بێت دەبێتە ئەتڵەسێک بۆخۆی، کورد ئەگەر عێراق بە وڵاتی خۆی نەزانێت چی لەو سەرێشەیە داوە کە ئەللە و ئەکبەر یان ئەستێرە یان هەرشتێکی تر لە ئاڵاکەیدا هەبێت، ئەوە کەی موشکیلەی کوردە.

کورد کێشەی زۆرە با بەدەستی خۆمان ئەم کێشەیەشی بۆ زیاد نەکەین.

---

[I] **ئاوردانەویەک لە ڕابردوو و ئێستاو داهاتووی ستراتیژیەتی سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی نیشتیمانی کورد و وتارێک سەبارەت بە ڕێپێواین ئازادی (وەرگێڕانی مەهاباد کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤).**